چۆن پۆلیس لە تاوانێکی ڕق و کینە ئاگادار دەکەیتەوە

بەشێوەی کەسی:

تۆ خۆت دەتوانیت بەشێوەی کەسی بچیت بۆ بنکەی پۆلیسی ناوچەکەی خۆت قسە بکەیت.PCSOیان لەگەڵ فەرمانبەرێکی پۆلیس یان

ناوەندەکانی هەوڵدانی لایەنی سێهەم:

کۆنستابولەری چێشایەر ژمارەیەک ناوەندی هەوڵدانی لایەنی سێهەمی هەیە لە ناوچەکەدا کە دەتوانیت بچیت بۆ ئەو شوێنانە و تاوانی ڕق و کینە هەواڵ بدەیت بە کەسێک کە ئەویش دەتوانێت لەبری تۆ هەواڵی بدات. لیستێکی ناوی ئەو شوێنانەی کە دەتوانیت لەوێ هەواڵ بدەیت دەبینرێتەوە www.cheshire.police.ukلەسەر

هەواڵدانی تاوانی ڕق و کینە

بۆ هەواڵدانی ڕووداوێک کە کوتوپڕی نەبێت: 101

لەکاتی کوتوپڕیدا ژمارە: 999 لێ بدە

بۆ زانیاری زیاتر بچۆرە سەر:

www.cheshire.police.uk

www.report-it.org.uk

هەواڵدانی سەر ئینتەرنێت کە دێتەوە بۆلای پۆلیس

TRUE VISION

کەمئەندامی

نەژاد

ئاین

ئاراستەی سێکسی

ناسنامەی ڕەگەز

ئەگەر بەهۆی ئەوەوە کە تۆ کێیت ببیت بە ئامانج ئەوە تاوانی ڕق و کینەیە.

...

# پۆلیسی چێشایەر دەیانەوێت سەبارەت بە تۆ زانیارییان هەبێت.

Cheshire Constabulary

Kurdish Sorani

## ئایا چی ڕوو دەدات کاتێک تۆ تاوانی ڕق و کینە هەواڵ دەدەیت؟

کاتێک کە تاوانی ڕق و کینە هەواڵ دەدەیت، پۆلیس سەیری ئەوە دەکات کە چی ڕووی داوە و ئەوەی کە تۆ دەیڵێیت بە جدیی وەردەگیرێت.

پۆلیس پشتگیری هەر کەسێک دەکات کە تاوانی ڕق و کینەیان پێ ڕادەگەیەنێت و ئەوپەڕی هەوڵیان دەدەن بۆ ئەوەی وەهات لێ بکەن هەست بە سەلامەتی بکەیت.

ئەگەر تۆ خۆت یان کەسێکی تر تاوانی ڕق و کینەتان بەرامبەر ئەنجام درا:

لەکاتی کوتوپڕیدا هەمیشە تەلەفون بکە بۆ 999

بەزووترین کات کە بتوانیت بچۆ بۆ شوێنێکی سەلامەت

هەتا دەتوانیت دەنگ هەڵبڕە بۆئەوەی سەرنجی خەڵک بەلای خۆتدا ڕابکێشێت

یارمەتی بەدەست بهێنە

ئەگەر چاوت لێ بوو تاوانی ڕق و کینە ڕوو دەدات، خۆت مەخەرە مەترسییەوە

هەمیشە بە پۆلیس بڵێ چی ڕووی داوە

ئەگەر توانیت، هەموو ئەو شتانە بنووسە کە لەبیرتە سەبارەت بەوەی کە ڕووی داوە، ئەو ڕێکەوت و کاتەی کە تێیدا ڕووی داوە، کەسەکە شێوەی چۆن بووە ئەگەر ئەو کەسەت نەناسی و ئەو کەسە چی وتووە یان کردووە.

## تاوانی ڕق و کینە چییە؟

تاوانی ڕق و کینە هەر سەرپێچییەکی تاوانکارانەی یاسایی لەخۆ دەگرێت کە لەوێدا لەلایەن قوربانییەکە یان هەر کەسێکی ترەوە وەها لێک بدرێتەوە کە پاڵنەرێکی نەیارانە یان دڵبریندارکارانەی هەبێت لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکی کەسی.

تاوانی ڕق و کینە دەکرێت بەرامبەر کەسێک ئەنجام بدرێت بەهۆی:

نەژاد

ئاین یان باوەڕ

ئاراستەی سێکسی

ناسنامەی ڕەگەز

کەمئەندامی

چاو بۆ ئەمانە بگێڕە:

ناو و ناتۆرە لێنان

هەڵاواردن

کە فەرامۆش بکرێیت

کە گاڵتەت پێ بکرێت

پەلاماردانی زارەکی یان جەستەیی

کە شتومەکەکانت بدزرێن یان زیانیان پێ بگەیەنرێت

کە شەڕت پێ بفرۆشن

ئەگەر  تۆ تاوانی ڕق و کینەت بەرامبەر بکرێت، ئەگەر تۆ چاوت لێ بوویێت ئەو تاوانە ڕووی داوە یان تۆ کەسێک دەناسیت کە تاوانی ڕق و کینەی بەرامبەر کراوە دەبێت بە پۆلیس بڵێیت.

یان بچیت بۆ ناوەندێکی هەواڵدانی لایەنی سێهەم.true visionئەگەر ناتەوێت بە پۆلیس بڵێیت تۆ دەتوانیت لەسەر ئینتەرنێت هەواڵی بدەیت لە ترو ڤیشن